٤- لەبەرکردن : ڕامان بکە بۆ ئایەتی لەبەرکردنی نوێ لە کتێبی پیرۆزدا ، ڕۆما ١٢: ١٧ . ڕۆژانە پێداچوونەوە بکە بۆ زنجیرەی " شانشینی خودا " .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : ڕۆما ١٢: ١٧- ٢٩. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنە و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .

وانەی (٨)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ڕابەران

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەراوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (ڕابەران ١٣، ١٤ ، ١٥ ، ١٦) .

گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) ڕۆما ١: ١٧

. بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە) پێداچونەوە بکەن بۆ ڕۆما ١: ١٧ .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما ٢: ١٧- ٢٩

پێشەکی : لە ڕۆما ٢: ١٧- ٢٠ پۆڵسی نێردراو پەیامی ڕاستەوخۆ ئاراستەی جولەکەکان دەکات و ئەو ڕێزانە دەژمێرێ کە جولەکە شانازییان پێوە دەکرد . وە لە ڕۆما ٢: ٢١- ٢٤ جولەکە دەردەخات کە ئەوان ئەگەر ئەوانە تەواو نەکەن کە پەیوەیستن پێوەی لە کارکردن بە ڕاسپاردەکانی شەریعەت لە چوارچێوەی ئەو ڕێزانەیان کە لێیان نراوە ئیدی ئەو ڕێزلێنانەیان دەبێتە مایەی حوکمدانێکی زیاتریان . سەرنج بدە بە گاڵتەئامێزیەکانی پۆڵس بەرامبەر بە دووڕوویی جولەکە لە ڕۆما ٢ ، وە لە ڕۆما ٢: ٢٥- ٢٧ پۆڵسی نێردراو هەڵسەنگاندن دەکات بۆ خەتەنەکردن یان نەکردن ، وە لە ڕۆما ٢: ٢٨- ٢٩ پۆڵس فێرمان دەکات بە ڕوونی لەبارەی سروشتی خەتەنەکردنی ڕاستەقینە و ئامانجی ڕاستەقینە لە خەتەنەکردن .

هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەی خودا

پێکەوە ڕۆما ٢: ١٧- ٢٩ **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان
بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟
بنوسە . یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .
بەشداری بکە. (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن).
هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

ڕۆما ٢: ١٧- ٢٩

<u>ئاشکراکردنی ١: پۆڵسی نێردراو ڕاستی خۆدەرخستنی جولەکە ئاشکرا دەکات ئەوەی تایبەتە بە بارودۆخیان سەبارەت بە هەڵوێست و ڕێزلێنانیان .</u>

أ. ئەو ڕێزلێنانەی کە جولەکە شانازی پێوە دەکەن (ڕۆما 2: ١٧- ١٨) .

وشەی (یەهودی) جولەکە ، یەکەمجار لە کتێبی پیرۆزدا هاتوە لە ٢پاشایان ١٦: ٦ پێش ساڵی ٥٨٦ پ.ز ئەو ساڵەش ساڵی ڕاپێچە کۆتاییەکەیان بوو لە ئۆرشالیم . ماوەی ڕاپێچکردنیان بۆ بابل و دواتر (واتە وێرانبوونی پەرستگا و نوژەنکردنەوەی ، ٥٨٦ ــ ٥١٦ پ. ز ؛ ٧٠ ساڵ) ، ئەو ناوە بوو کە جولەکە زۆر شانازییان پێوە دەکرد ، واتای ناوەکەش ئەوەیە کە

ئەندامێکە یان هاوڵاتیەکە لە دەوڵەتی شانشینی یەهوزا . دواتر لەبارەی شەریعەتەوە بڕوانە نەحمیا ٨: ٨ .

ب. پێگەی شانازی جولەکە (ڕۆما ٢: ١٩- ٢٠) .

جولەکە پێیان وایە ئەوان بەرزترین و بەڕێزترینن لە نێو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا . ڕۆما ٦: ١٧ ؛ ٢تیمۆساوس ١: ١٣ ؛ ٢تیمۆساوس ٣: ٥ .

ڕۆما ٢: ٢١- ٢٤

ئاشکراکردنی ٢: دژبەیەکبوونێکی ئابڕووبەر هەیە لە نێوان بانگەشەکانی جولەکەو شێوازی ژیانیان و کردەوەکانیان . بڕوانە ڕۆما ١: ٢٤- ٢٥ ؛ زەبور ٥٠: ١٦- ١٨ ؛ مەتا ٢١: ١٣ ؛ مەرقۆس ٧: ١- ١٣ .

هەروەها بڕوانە یاقوب ٢: ١٠ ؛ یاقوب ٤: ١١- ١٢ ؛ زەبور ١١٥: ٨ .

<u>هەنگاوی ٣: پرسیار</u> . **ڕونکردنەوە**

بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما ٢: ١٧- ٢٩ ، تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).

گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە

ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە).
(ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

ڕۆما 2: ٢٥- ٢٧

<u>پرسیاری</u> ١ : بۆچی پۆڵس دەڵێت تا ئێستاش خەتەنەکردنی جەستە بە سودە ؟

تێبینیەکان .

أ. خەتەنەکردنی جەستەیی بۆ جولەکە سودی هەیە ئەگەر هەموو داواکاریەکانی شەریعەت پەیڕەو بکرێت ، بەڵینی پەیمانی کۆن (پەیمانی نیعمەت ؛ ڕۆما ٢: ٢٥) . بڕوانە پەیدابوون ١٧: ٧ ؛ لێڤیەکان ٢٦: ١٢ ؛ ڕۆما ٢: ٢٦ ؛ پەیدابوون ١٥: ٥- ٦ ؛ یۆحەنا ٦: ٢٨- ٢٩ ؛ پەیدابوون ٢٢: ١٧- ١٨ ؛ عیبرانیەکان ٤: ٢، ٦ ؛ یاقوب ٢: ١٧، ٢٢ لە نێوانیاندا باوەڕکردن بە بەڵینەکانی خودا و گوێرایەڵیی ، هەروەها بڕوانە پەیدابوون ١٧: ٩- ١٤ .

ب. ئەو نەتەوانەی خەتەنە نەکراون بەڵینی خودا پوچەڵ ناکەنەوە ئەگەر کاریان بە ڕاسپاردەکانی بەڵێن یاخود (شەریعەت) کرد (ڕۆما ٢: ٢٦) .

بڕوانە ڕۆما ١: ١٦- ١٧ ؛ ٢کۆرنسۆس ٦: ١٦ ؛ ١پەترۆس ٢: ٩- ١٠ ؛ گەڵاتیە ٦: ١٢- ١٦ ؛ ڕۆما ٢: ٢٨- ٢٩ .

ج. ئەوانەی خەتەنە نەکراون حوکمدەدەن بەسەر خەتەنە کراوەکاندا (ڕۆما ٢: ٢٧) . بڕوانە مەتا ١٢: ٤١- ٤٢ .

ڕۆما ٢: ٢٨- ٢٩

پرسیاری ٢: سروشت و ئامانجی ڕاستەقینەی خەتەنەکردنی جەستەیی چی یە ؟

تێبینیەکان .

لە سەردەمی ئیبراهیم (٢٠٦٧ پ.ز) خەتەنەکردنی جەستەیی نیشانەیەك بوو بۆ بێتاوانبوون بە باوەڕ (ڕۆما ٤: ١١) . بەڵام دوای سەردەمی موسا (١٤٠٧ پ.ز) بۆ ماوەیەکی درێژ ئەویش دوای ڕاپێچەکەی بابل (٥٨٧ پ.ز) مامۆستایان و ڕابەرە ئاینیەکانی جولەکە خەتەنەکردنی جەستەییان گۆڕی بۆ نیشانەیەك بۆ بێتاوان بوون بە کارکردن بە شەریعەت (یۆحەنا ٧: ١٩ ، ٢٢؛ گەڵاتیە ٥: ١- ٤) .

أ. خەتەنەکردنی جەستەیی لە ڕەچەڵەکدا نیشانەیەک بوو بۆ بێتاوان بوون بە باوەڕ (ڕۆما ٤: ١١) .

خەتەنەکردنی جەستەیی لەسەردەمی ئیبراهیم ، بڕوانە یەشوع ٢١: ٤٣- ٤٥ ؛ ٢٣: ١٤- ١٦ ؛ پەیدابوون ١٢: ١- ٣ ، ٧ ؛ ١٥: ١- ٦ ، ١٨- ٢١؛ ١٧: ١- ١٤ ؛ ٢٢: ١٧- ١٨ ؛ ڕۆما ٤: ١١ .

خەتەنەکردنی جەستەیی لە سەردەمی موسا . بڕوانە دواوتار ١٠: ١٦ ؛ ٣٠: ٦؛ یەرمیا ٤: ٤ ؛ ڕۆما ٢: ٢٨- ٢٩ .

خەتەنەکردنی جەستەیی خۆی لە خۆیدا هیچ سود و گرنگیەکی نیە . یەرمیا ٩: ٢٥- ٢٦ ؛ کردار ٧: ٥١ ؛ فیلیپی ٣: ٣ ؛ گەڵاتیە ٦: ١٢- ١٦ ؛ ڕۆما ٩: ٦ ؛ ڕۆما ٤: ١١ ؛ یۆحەنا ٨: ٣٧- ٤٤ ؛ گەڵاتیە ٣: ١٠؛ یاقوب ٢: ١٠ .

ب. دواتر خەتەنەکردنی جەستەیی بوە نیشانەیەك بۆ بێتاوان بوون بە کارکردن بە شەریعەت (ڕۆما ٧: ١٩، ٢٢) .

خەتەنەکردنی دوای ڕاپێچەکەی بابل .

نزیکەی ١٥٠٠ ساڵ دوای ئیبراهیم و ماوەی نێوان ڕاپێچەکەی بابل (٥٨٧ پ.ز) و هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح ، مامۆستایان و ڕابەرانی جولەکە فێرکردنی بێتاوان بوون بە باوەڕیان گۆڕی و لە بری ئەوە بێتاوان بوون بە کارکردن بە شەریعەتیان خستە جێی . بڕوانە لێڤیەکان ١٨: ٥ ؛ یۆحەنا ٧: ١٩- ٢٤ ؛ کردار ١٥: ١ .

خەتەنەکردنی جەستەیی لە سەردەمی پەیمانی نوێ .

نزیکەی ساڵی ٥٠ ی زایینی پۆڵسی نێردراو لەنامەکەیدا بۆ گەڵاتیەکان دەنوسێ ودەڵێت : گەڵاتیە ٥: ١- ٤ هەروەها دەڵێت : ڕۆما ٣: ١٠- ١٨ ؛ ڕۆما ٣: ١٩- ٢٠ ، ٢٨ ؛ کردار ١٥: ١ .

ج. جولەکە ساختەکان ، ناڕاستەقینەکان ، و خەتەنەی جەستەیی بێ سود . وشەی "یەهودی" وشەیەکی عیبریە لە ناوی هۆزی یەهوزاوە هاتوە لە عیبریدا "یەهودا" ڕەنگە واتای وشەکە " ستایش و سوپاسگوزاری بێت ، پەیدابوون ٢٩: ٣٥ ؛ پەیدابوون ٤٩: ٨ ، جولەکەی ڕاستەقینە حەز دەکات خودا بەباشی بزانێ ، بەڵام جولەکەی ساختە هەوڵ دەدات خەڵکی بە باشی بزانن و لای خەڵکی دەربکەوێت ، وە پۆڵس بانگ یخەڵکی دەکات ئەوانەی خودا دەپەرستن بە ڕۆح و بەڕاستی شانازی بکەن بە عیسای مەسیحەوە و پشت بە جەستەی خەتەنەکراو نەبەستن (خەتەنەکردنی ڕاستەقینە ئەوەیە سەرلەنوێ لەدایک بێتەوە بەڕاستی لە ڕۆح دا) ڕۆما ٢: ٢٨ ؛ یەرمیا ٩: ٢٣- ٢٦ ؛ فیلیپی ٣: ٢- ٣ ؛ لێڤیەکان ١٢: ٣ ؛ کۆلۆسی ٢: ١١- ١٢ ؛ کۆلۆسی ٢: ١٤ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١٥ ؛ گەڵاتیە ٥: ٦ ؛ گەڵاتیە ٦: ١٥- ١٦ ؛ ٢کۆرنسۆس ٦: ١٦ .

هەنگاوی ٤: <u>پەیرەوی بکە</u>. پەیرەوکردن **بیربکەوە :** چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە

شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟
بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوەو تەواو بکەین لە ڕۆما ٢: ١٧- ٢٩ .
بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟
بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینناوە لەسەر دڵت.
(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما 2: ١٧- ٢٩ .

2: ١٧ : لەبەردەم خەڵکیدا شانازی مەکە بە پەیوەندیەکەت لەگەڵ خودا.

٢: ٢١ : کاتێ خەڵکی فێر دەکەیت ئاگادار بە لەپێشدا خۆت فێر بکە (لۆقا ٦: ٤١- ٤٢) .

٢: ٢٢ : کاتێ وتار بدە لە بارەی شتێکەوە کە خۆت بەو پێیە بژیت (مەتا ٢٣: ٣) .

٢: ٢٤ : ئاگادار بە بێباوەڕان حوکم دەدەن بەسەر خوداکەتدا بەپێی ئەو هەڵسوکەوتەت کە دەیبینەوە (زەبور ١١٥: ٨) .

٢: ٢٩ : پێداگری بکە لەوەی دڵت خەتەنەکرابێت بە ڕۆحی پیرۆز (٢کۆرنسۆس ١٣: ٥) .

٢: ٢٩ : چاوەڕوانی پیاهەڵدانی خەڵکی مەکە بەڵکو هەوڵ بدە خودا بەباشت بزانێ (بڕوانە ٢کۆرنسۆس ١٠: ١٨) .

نمونه لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ. دەمەوێ هەموو پەیامی ئینجیل ڕابگەیەنم ، ئەمەش واتە لەسەرمە بانگەواز بکەم بۆ خەڵکی کە ڕزگاربوون بە باوەڕهێنانە بە عیسای مەسیح وە پێیان بڵێم کە مەسیح حوکم دەدات بەسەر بێباوەڕاندا ، دەبێت ئەو پەیامەی ئینجیل کە ڕایدەگەیەنم حوکمدانی کۆتایی لەخۆ بگرێت .

ب. دەمەوێ هەردەم ئەو ڕاستیە بزانم کە هەموو نیشانەیەکی دەرەکی وەکو لەئاوهەڵکێشان و شێوی خوداوەند هیچ گرنگیەکی نیە ئەگەر لە ناخدا نیشانە ڕاستەقینەکە وون بووبێت ، دەمەوێ بۆ هەموو خەڵکی ڕابگەیەنم کە پێویستیان بە بێتاوان بوون هەیە بە باوەڕ ، وە ئەگەر خودا دڵیان خەتەنە نەکات ئەوان لە دۆخی ونبوون ولەناوچوونن .

هەنگاوی ٥: نوێژ بکە **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما ٢: ١٧- ٢٩ .

(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پرۆقە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕی موژدەی شانشینیی .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما ٢: ١٧- ٢٩.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ١ساموئیل ٢، ٣، ٧، ٨ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن : ڕۆما ٢: ٥ لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : نمونەی (ئەو تۆوەی بە نهێنی گەشە دەکات) لە مەرقۆس ٤: ٢٦- ٢٩ وە نمونەی (هەویرترش) لە لۆقا ١٣: ٢٠- ٢١ وە نمونەی (دەنکە خەردە) لە مەرقۆس ٤: ٣٠- ٣٢ . ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و